National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

# یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان

راپۆرتێک لەبارەی:

# حکومەتی خۆجێی گەرمیان و مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکان (کۆرۆنا بە نمونە)

## هەڵسەنگاندنی پلانەکانی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان

ڕادیۆی دەنگ
یەکەی چاودێریی

1/4/2020

| ناونیشان | ژمارەی پەڕە |
| --- | --- |
| بەشی یەکەم: ڕاپۆرت | |
| دەستپێک | ٢ |
| کەرەنتینەی گەرمیان | ٢ |
| پشکنینی بازگەکان | ٧ |
| ئامادەکارییەکان لە نەخۆشخانەکان | ١٠ |
| ڕێکارەکانی خۆپارێزی | ١٨ |
| کڕینی پێداویستی پزیشکی | ٢٠ |
| بەشی دوەم | |
| دەرەنجام و ڕاسپاردەکان | ٢١ |
| بەشی سێیەم | |
| ناساندن | ٢٤ |

## بەشی یەکەم: راپۆرت

### ١. دەستپێک

لەگەڵ مەترسی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا (Covid-١٩) لە هەرێمی کوردستان لە سنوری گەرمیان بەرپرسانی تەندروستی کۆمەڵێک پلان و بەرنامەیان راگەیاند بۆ روبەڕوبونەوەی ڤایرۆسەکە و مەترسی بڵاوبونەوەی لە نێو هاوڵاتیاندا.

لەم راپۆرتەی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان باس لەو رێکارانە دەکەین کە لەلایەن بەرێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیانەوە جێبەجێکراون و بڕیاریان لە بارەوە دراوە، بەدواداچون دەکەین بۆ ئەوەی بزانین تا چەند ئەو بڕیارانە پێویست بون؟ چیان کردوە بۆ ئەوەی بڕیارەکانیان وەک خۆی جێبەجێ بکرێت؟ لە جێبەجێکردنی بڕیارەکاندا تا چەند جیاوازی کراوە؟

### ٢. کەرەنتینەی گەرمیان

پاش بڕیاری حکومەتی هەرێم بە پێکهێنانی شوێنی تایبەت بەو هاوڵاتیانەی کە لەو وڵاتانە دەگەڕێنەوە کە ڤایرۆسی کۆرۆنای تێدا بڵاوبوەتەوە، لەگەرمیانیش کەرەنتینە "حجر الصحی" پێکهێنرا.

کەرەنتینەکە بریتیی بو لە بینای هۆتێلی لەندەن ئای، کە ژور و هۆڵەکانی ئامادەکرابو بەو هاولاتیانەی کە گەڕاوەی وڵاتانن بەتایبەتی ئێران.

کەرەنتینەکە لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/٢٢ پێکهێنرا و هاوڵاتی وەرگرت، لە بەرواری ٢٠٢٠/٣/٢٨ دواین وەجبەی جێگیرکراوی لێدەرچو. کە وردەکاریەکان بەمشێوەیە خراونەتەڕو:

| کۆی جێگیرکراوان | نێر | مێ | منداڵ | |
|---|---|---|---|---|
| | | | کوڕ | کچ |
| ٣٦٣ | ٢٠٩ | ١١٩ | ١٩ | ١٦ |

### ا. بۆچونی جێگیرکراوانی کەرەنتینەکە

جێگیرکراوانی کەرەنتینەکە باس لەوەدەکەن رێکارەکانی جێگیرکردنیان "زانستی" نەبوە.

شەهاب ئەحمەد، هاوڵاتی لە کەرەنتینەی گەرمیان بۆ روبەروبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا وتی: "ئەو کەرەنینەیەی کە کراوەتەوە لە گەرمیان بۆ روبەروبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا تەنها بە ناو کەرەنتینە بو، ئەگەر نا هیچ رێکارێکی تەندروستی و زانستی نەبو، چونکە چەند کەسێک و لە ژورێک بون لە کاتێکدا دەبو هەر کەسە و بە جیا بێت، تەنانەت جیاوازی نەبو لە نێوان ئەو کەسانەی کە دەهاتنە ئەوێ لە رۆژەکان، هی وا هەبو چەند رۆژێک لەوێ ببو ئەوەی کە دەهات تێکەڵ بەوان دەکرا.

وتیشی: پێداویستیە خۆپارێزییەکان لەوێ زۆر کەم بون، لە کاتێکدا هەمومان تێکەڵ بوین، بەڵام لە روی خواردنەوە باش بون ژەمەکانیان جیا کردبوە، بەجۆرێک بەیانیان ماست و نیسکیان پێ دەدان و نیوەڕوان مریشک و گۆشت و ئێوارانیش خواردنی سادە.

لە هەمان کاتدا، میدیا ئەحمەد، هاوڵاتی لە کەرەنتیەی گەرمیان بۆ روبەروبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەڵێت: ئێمە لە هۆڵێکدابوین لەو کەرەنتینەیە کە نزیکی ١١ کەسی لێبو وە هەندێکجار کەسی تازەش دەهات و تێکەڵ دەبو لەگەڵمان، لەکاتێکدا نەدەبو بەو شێوەیە بێت بۆیە گرفتی شوێنمان زۆر بو، بەڵام خواردنمان باش بو.

ئەو کەرەنتینەیەی کە لە شاری کەلار دانرابو بۆ روبەروبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەو هاوڵاتیانەی کە داخل بەوێ دەکران بۆ ماوەی ١٤ رۆژ چاودێری دەکران و پشکنینان بۆ ئەنجام دەدرا.

لە بارەی ئەو پشکنینانەی بۆیان ئەنجام دەدرا (میدیا) وتی: "ئەو پشکنینەی کە بۆمان دەکرا رۆژانە و بۆ ماوەی ١٤ رۆژ شتێکی ئاسایی بو تەنها پلەی گەرمیان دەپێواین، ئەگەرنا پشکنینی تاقیگەیی لە کۆتا رۆژ بو دواتر بڕیاری دەرکردنمان دەدرا".

بەشێک لە جێگیرکراوان نیگەران بون لەوەی کەرەنتینەکە هیچ رێگەیەکی خۆپارێزی تێدا نەبو.

زیاد فایەق رۆستەم، هێمای بۆ ئەوە کرد: گرفتی کەرەنتینەکە کەمی و نەگونجاوی شوێنەکە بو، کە نەدەبو بەوشێوەیە بێت دەتوانرا لە شوێنێک بێت لە دەرەوەی شار".

باسی لەوەشکرد: "ئەو ١٤ رۆژەی کە لەوێ بوین نە شوێنەکەمان تەعقیم دەکرا نە ئەو جێگەی کە لەسەری دەنوستین دەگۆڕدرا، لەکاتێکدا هەمو رێنماییەکانی باسی پاکوخاوێنی دەکرد کەچی بە پێچەوانەوە بو، سەرباری ئەوەی کە هۆڵی وامان هەبو نزیکی ٢٠ کەسی تێدابو".




**دیمەنێکی کەرەنتینەی گەرمیان**

**ب. سەرپەرشتیاری کەرەنتینەی گەرمیان: هاوڵاتیان هاوکارمان نەبون لە کەرەنتینەکردنیان**

لە ٢٠٢٠/٢/٢١ لە گەرمیان کەرەنتینە کرایەوە، سەرپەرشتیاری کەرەنتینەکە ئاماژە بەوەدەکات لە گەرمیان تەنها هۆتێلێک کە بەشیاویان زانیبێت و بۆ کەرەنتینەیەکی تەندروست گونجابێت، هوتێل لەندەن ئای بوە.

لە بارەی پاککردنەوەی "تەعقیم" کەرەنتینەکە و رێکارەکانی خۆپارێزی و پاکوخاوێنیەوە، عەباس عەبدولعەزیز، سەرپەرشتیاری کەرەنتینەی گەرمیان، وتی: تەعقیمکردنی بەردەوامی ژورەکان نەدەگونجا، لەبەر ئەوەی ئەگەر وابوایە دەبوایە ئەو هاوڵاتیانەی کە لەوێن هەمویان دەرچونایە، بەڵام پاککردنەوەی رۆژانە بە بەردەوامی هەبو خۆشمان چاودێریمان دەکردن.

لە پاش ناڕەزایەتی هاوڵاتیان لە کەرەنتینەی گەرمیان لە بارەی تێکەڵکردنی چەندان هاوڵاتی لە ژورێکدا کە هەندێکیان جیاوازی رۆژەکانی هاتنەوەیان هەبوە، سەرپەرشتیاری کەرەنتینەی گەرمیان ئەوە رەت دەکاتەوە و هێمای

بۆ ئەوە کرد: ڕاستە بەهۆی نەبونی جێگە چەند کەسێک ولە ژورێکدا هەبون، بەڵام نەبوە جیاوازی هەبێت لە نێوان کەسەکان و ڕۆژەکانی گەڕانەوەیان، بەڵکو زۆربەیان بۆ خوێندن لە وڵاتی ئێران بون و پێکەوە گەرانەوە.

وتیشی: هۆڵەکەش هەمو ئەو کەسانە بون کە دوای چەند ڕۆژێک لە ناو شاری کەلار بون لە ژێر فشاری وەزارەتی خوێندنی باڵا هاتنە کەرەنتینە و لە هۆڵێک کۆکرانەوە.

سەرپەرشتیاری کەرەنتینەی گەرمیان لەبارەی ئەو کەسانەی کە دوای هاتنەوەیان بەقاچاخ و مانەوەیان لە ماڵەوە دەهاتن بۆ کەرەنتینە، وتی: هەر کەسێک زیاتر لە ١٠ ڕۆژ لەماڵ بو وەرمان نەگرت، بەشی زۆریان خوێندکاری ماستەر و دکتۆرابون.

ئەو هاوڵاتیانەی کە لە کەرەنتینەی گەرمیان کەرەنتینە دەکران، باسیان لەوەکردوە کە پشکنینێکی ئاسایی و کەمیان بۆ کراوە، بەڵام سەرپەرشتیاری کەرەنتینەکە دەڵێت: ٢٤ کاتژمێر چاودێری کراون "ڕۆژانە ٢ کارمەندی تەندروستی لەگەڵ کارمەندیکی ئێشکگری ئیداری ٢٤ کاتژمێر چاودێریان دەکرد و ٨ کاتژمێر جارێک پشکنینی پلەی گەرمییان بۆ دەکراو لەبارەی نیشانەکانیەوە قسەیان لەگەڵ دەکرا".

**ت. ڕەخنەکان لەبارەی کەرەنتینەکەی گەرمیانەوە**

کەرەنتینەکردن دیاردەیەکی نوێیە بە نسبەت ناوچەی گەرمیانەوە و بۆ یەکەمجارە هەنگاوێکی وەها دەنرێت، چەند پسپۆرێکی بواری تەندروستیش باس لە ناتەندروستی و نازانستی کەرەنتینەی کەلار دەکەن.

ئارام ساڵح، پسپۆڕ لەبواری تەندروستی گشتی، دەڵیت: " نەبونی شوێن کاریگەری نەرێنی هەبو لە روی زانستی و تەندروستییەوە، هەروەها شێوازی نازانستیانەی دابەشکردنی هاونیشتمانیان بو بە سەر ژورەکان دا، بۆ نمونە کەسێک ئەمرۆ بگەڕایەتەوە لەگەڵ کەسێکی تر کە ڕۆژانی دواتر بگەڕایەتەوە لە هەمان ژوور دادەنرا لە کاتێک دا دەبوایە دابەشکاریەکە بە پێی کات و ڕۆژی گەڕانەوە ڕێکبخرایە".

پسپۆڕانی تەندروستی باس لەوەدەکەن ئەگەر لە کەرەنتینەی کەلار چەند توشبویەک هەبوایە سەدانی دیکەی بەدوادادەهات.

وەک (چالاک محێدین) هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە تەندروستیدا دەڵێت: "لە روی تەندروستیەوە کەرەنتینەی کەلار نەگونجاو بو بەهۆی ئەوەی ئەگەر یەک توشبو هەبوایە لە ژورێکدا چەند کەسی دیکەش توش دەبون بەهۆی ئەوەی هەر کەسە و لە ژورێک دانەنرابو کە خۆی دەبێت کەرەنتینە کەسەکان جیابکرێنەوە داببڕدرێن".

د.جەمال کەریم شوکر، پسپۆری تەندروستی گشتی بەهەمانشێوە پێیوایە شێوازی کەرەنتینەکردنەکە "تەواو نازانستی و ناتەندروست بوە". دەڵێت: بە هۆی ئەوەی کە ئەگەر لەو ژمارەیە دە توشبو هەبوایە، سەدان توشبوی بەداوی خۆیدا دەهێنا، چونکە لە بنەڕەتدا دەبێت کەرەنتینە هەرکەسێک داببڕیت لە ژورێکدا نەوەک بەو شێوازەی کە هەبو".

لەگەڵ ئەمەشدا رەخنە لەسەر شێوازی چاودێری کردنی کەرەنتینەکراوەکان هەیە. بەوتەی (ئارام ساڵەح) شێوازی مامەڵەکردن و چاودێریکردنی کەرەنتینەکراوان کەموکورتی زۆری تێدا بوە، دەڵیت: "دەبوایە گروپی چاودێری کەرەنتینە دروست بکرایە، نەک هەر ئەم گروپە دروست نەکرا، ئەوانەی چاودێری کەرەنتینەکانیان پێسپێردرابو، بۆ یەک کاتژمێریش راهێنانیان پێنەکراوە لەسەر شێوازی خۆپارێزی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەرەنتینەکراوان دا".



**دیمەنێک لەکاتی وەرگرتنی نمونەی پشکنینی جێگیرکاروانی کەرەنتینەی گەرمیان**

### ٣. پشکنینی بازگەکان

بەهۆی مەترسی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە گەرمیان ڕێوشوێنی تەندروستی بۆ ڕوبەروبونەوەی ڤایرۆسەکە گیراوەتە بەر و لە خاڵە سنوری و بازگەکانی گەرمیان تیمی پزیشکی جێگیرکران بۆ پشکنینی ئەو هاوڵاتیانەی کە دێنە گەرمیانەوە.

لەماوەی (٢٠٢٠/٢/٢٨ بۆ ٢٠٢٠/٣/٣١) ڕۆژدا، تیمەکان پشکنینیان بۆ (٨١٦٠٩) هاوڵاتی کردوە، بەمشێوەیەی لایخوارەوە:

| بازگە | کۆی پشکنین |
|---|---|
| شێخلەنگەر | ٢٦٥٧٣ |
|ساڵح ئاغا | ١٢٠٥١ |
| کفری | ٣٤٢٨٥ |
| زینانە | ٤١١١ |
| سەوزبڵاغ | ٤٥٨٩ |

### ا. کاری تیمەکانی پزیشکی بازگەکان

هادی عەلی، ئەندامی تیمیی پزیشکی لە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان بۆ ڕوبەروبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە بازگەی (ساڵح ئاغا)، دەڵێت: "٢٤ کاتژمێر پشکنین بۆ ئەو هاوڵاتیانە دەکەین کە دێنە شاری کەلار لە ناوچەکانی خواروی عێراق و وڵاتی ئێران، بەتایبەت ئەوانەی لە وڵاتی ئێرانەوە دێن ئاراستەی کەرەنتینەی گەرمیان دەکرێن".

ئەو پشکنینەی لە بازگەکان دەکرێت تەنها پلەی گەرمی لەشە. هادی عەلی، لەم بارەیەوە وتی: ئەو پشکنینەی کە دەکرێت تەنها ئامێرێکی گەرمی پێوە، ئەگەر پلەی گەرمی ئەو هاوڵاتیەی پشکنینی بۆ دەکرێت لە ٣٨° پلە بەسەرەوە بێت، ئەوە گومان دەکرێت هەڵگری ڤایرۆسەکە بێت، ڕاستەوخۆ ئاراستەی نەخۆشخانە دەکرێت.

کارزان شەهاب، لێپرسراوی تیمی پزیشکی لە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان لە بازگەی (کفری- کارێز)، وتی: "رۆژانە پشکنین بۆ هەمو کەسێک دەکرێت، هەر هاوڵاتیەک لە شارەکانی کەرکوک و هەولێر و دوزخورماتو و خواروی عێراقەوە دێت پشکنینیان بۆ دەکەین و لە بونی هەر حاڵەتێکی گوماناویش راستەوخۆ ئاراستەی کەلار دەکرێت لە رێگەی هێزە ئەمنیەکانەوە".



**دیمەنێکی پشکنین لە بازگەکان**

### ب. پێداویستیە پزیشکیە خۆپارێزییەکانی تیمی بازگەکان

یەکێک لە رێگا چارەکان بۆ روبەروبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا رێگای خۆپارێزی و تەعقیم کردنە، بەڵام پێداویستی بۆ ئەمە وەک پێویست نیە لە بازگەکان بۆ تیمە پزیشکیەکان لە گەرمیان.

هادی عەلی، ئەندامی تیمیی پزیشکی لە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان بۆ روبەروبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە بازگەی (ساڵح ئاغا)، وتی: "ئەو پێداویستیانەی کە پێویستە هەبێت وەک دەستکێش و دەمامک و پێداویستیەکانی تری تەعقیم کردن هەیە وەک پێویست و بێ گرفتین".

هەرچەندە بەشێک لە تیمەکان باس لە بونی پێداویستیەکان دەکەن بە پێچەوانەشەوە بەشێکیان دەڵێن لە هەندێک لە بازگەکان وەک پێویست نیە.

کارزان شەهاب، لێپرسراوی تیمی پزیشکی لە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان لە بازگەی (کفری- کارێز) وتی: "وەک پێویست پێداویستی خۆپارێزیمان بۆ دابین نەکراوە، تەنانەت کاتی وا هەبوە بە ٢ رۆژ ئاو نەبوە دەستمان بشۆین".

وتیشی: "٢٤ کاتژمێر لە کارداین و پێویستە بە بەردەوامی تەعقیم بکرێن، تەنانەت سەردانیشیان نەکردوین".

لە بەرامبەر ئەو رەخنە و تێبینیانەی لە بازگەکان دا لە شێوازی جلوبەرگ و کەمی پێداویستیەکان دەکرێت، عەباس عەبدولعەزیز، یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، وتی: "راستە سەرەتا کەلوپەل و پێدوایستیەکان کەم بو، بەڵام ئێستا زۆرباشە".

وتیشی: ئەو جلوبەرگانەی تایبەتن بە روبەڕوبونەوەی کۆرنا بەتایبەتی جلە سپیەکان، ئەوانە بۆ قاوش و نەخۆشخانە و تاقیگەکانن نەک بۆ کاری پشکنینی ئاسایی.



**دیمەنێکی پشکنین لە بازگەکان**

## ٤. ئامادەكارییەكان لە نەخۆشخانەكان

### ا. گرتنەبەری رێكارەكانی لەلایەن تەندروستی گەرمیانەوە

تەندروستی گەرمیان وەک خۆی دەڵێت:١٠ تیم بۆ چاودێریكردن و روبەروبونەوەی ڤایرۆسی كۆرۆنا پێكهێنراوە ئامادەكاری تەواویان كردوە.

د.سیروان محمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، لەبارەی ئامادەكاریەكانیان بۆ روبەڕوبونەوەی كۆرۆنا ڤایرۆس ئاماژەی بەوەكرد: هەر لەسەرەتای بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی كۆرۆنا لە وڵاتی ئێران لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە راسپێردراین بۆ ئامادەكاری لەو چوارچێوەیەشدا بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان لیژنەی باڵای نا ئاسایی تایبەت بە نەخۆشی هەوكردنی توندی كوتوپڕی سیەكان پێكهێناوە لە ٢٠٢٠/٣/١ كە پێكهاتوە لە ١٠ تیم.

لە بارەی چۆنیەتی جێبەجێكردنی ئامادەكاریەكانیانەوە وتی: "لەسەرەتادا لە مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخان و بازگە لاوەكیەكان دەستمان بە پشكنین كرد و كەرنتینەمان كردەوە هاوكات لە نەخۆشخانەی گشتی كەلار شوێنمان ئامادەكرد لە قۆناغی سەرەتا لەگەڵ ئەوەشدا دەستمان بە هەڵمەتی هۆشیاری كرد لەبارەی مەترسیەكانی ڤایرۆسەكەو شێوازەكانی خۆپاراستن لە ڤایرۆسەكە".

وتیشی:"ئێستا دەمانەوێت نەخۆشخانەی گشتی تایبەت بكەین بەو نەخۆشیە ئێمە ئێستا لە قۆناغی دوین، بەڵام بۆ قۆناغی سێ ئەوە دەكەین كە قۆناغی بڵاوبونەوەی نەخۆشیەكەیە".

لەلایەن حكومەتەوە بودجەیەكی تایبەت بۆ بەرەنگاربونەوەی كۆرنا تەرخانكرا و دەستی دەزگا تەندروستیەكان تاڕادەیەک واڵاكرا بۆ كڕینی پێداویستیەكانیان.

د.سیروان محەمەد، لە بارەی چۆنیەتی خەرجكردنی ئەو بودجەیەوە وتی: "بەهۆی ئەوەی بە پلانەوە پارەكەمان دیاریكرد و بەسەر نەخۆشخانە و مەڵبەندەكان دابەشمان كرد، بۆیی بەگوێرەی پێداویستیەكان پارەكە گونجاو بو".

لەبارەی ئەوەی ئاخۆ دابینكردنی كەلوپەلەكان لە لایەن لیژنە باڵاوە گونجاوتر نەبوە، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان ئاماژەی بەوەكرد: ئەوە دەبوە هۆكاری دواكەوتنی كارەكە بەهۆی زۆری خواستەكان، ئەوكات كۆمپانیاكان درەنگتر كەرەستەكانیان بەردەست دەخست.

لەبارەی ئەو جۆرە پێشنیارانەش كە تایبەت بۆ شێوازی هۆشیاركردنەوەی هاوڵاتیان خراوەتە بەردەست تەندروستی گەرمیان وەک بڵاوكردنەوەی رێنمانیەكان بە كاغەز یاخود تیمی گەڕۆک، د.سیروان محەمەد وتی: "ئێستا راگەیاندن و

سۆشیاڵ میدیا دەوری کاریگەری هەیە ئەوانیش تایبەت کراون بە هۆشیارکردنەوە، بۆیە تیمی گەڕۆک یان هەر شیوازێکی تر ئێمە بە تەقلیدی ئەزانین و پێمانوایە گرنگ نیە".

### ب. گرتنەبەری ڕێوشوێنی بەپەلە

بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە نەخۆشخانەی قەزاکان ئامادەکاری کراوە وەک خۆیان دەڵێن گرفتێک نیە و ئەوەی پێویست بێت کراوە.

وریا محەمەد، یاریدەدەری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، لەبارەی ئامادەکاریەکانیان هێمای بەوەکرد لەگەڵ یەکەم حاڵەتی پۆزەتیڤی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە وڵاتی ئێران ئێمە لێرە دەستمان کرد بە ئامادەکاری، لەماوەیەکی کەمدا قاوشی تایبەتمان بۆ نەخۆشیەکە پێکهێنا بە ستاف و کەرەستە و بەشی تایبەتەوە.

لەبارەی تواناکانی نەخۆشخانەکە لە ڕوی تەندروستیەوە بۆ چاودێریکردنی حاڵەتە گومانلێکراوەکان کە چەند حاڵەتێک داخل بەنەخۆشخانەکە کراون، وتی: "لە جیهاندا ئەوەی بۆ چارەسەرکردنی لێکەوتەکانی پێویستە لێرەش ئەوە بەردەستە".

کەواتە بۆچی دەوترێت نەخۆشخانەکە توانای چاودێری کردنی نەخۆشیەکەی نیە و حاڵەتەکان دەنێرنە سلێمانی؟

یاریدەدەری نەخۆشخانەکە لە وەڵامدا وتی: "ئەو حاڵەتەی کە گومانلێکراوبو هێنرایە نەخۆشخانەکە لە سلێمانیەوە هاتبو نەخۆشی ئەوان بو بە پێی سیستەمی تەندروستی ڕاستە خەڵکی ئێرەبو، بەڵام گومانلێکراوبو داواکرا ئێمەش لێرە سامپڵی لێوەربگرین و ڕەوانەی سلێمانی بکرێتەوە".

لە هەمان کاتدا، سامان سەرتیپ ئەحمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی خالید گەرمیانی لە قەزای کفری، دەڵێت: "ئەوە ئامادەکاریانەی لەم قۆناغە کردومانە باشە، چونکە لە قۆناغی خۆپارێزین".

وتیشی: بەو بڕە پارەیەی کە پێمان وتراوە دەتوانین خەرجی بکەین گرفتمان بۆ دروست نەبوە لە کڕینی کەرەستەکانی خۆپارێزی پزیشکی.

بەوتەی بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان لە نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتی تەندروستی گەرمیان ١٢٢ قەروێڵە (تەخت/بێد) هەیە لە ژمارەیە ٨ قەرەوێڵەی تایبەتە بە چاودێری وردی هەناسەی دەستکرد لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئێستا لەو ژمارەیە ٢٤ قەرەوەێڵەیان تایبەت کردوە بە کۆرۆنا.

ئاماژەی بەوەشدا لە نەخۆشخانە تایبەتەکان کە ٣ نەخۆشخانەن لە گەرمیان، ٥٠ قەرەوێڵە هەیە کە هەر نەخۆشخانەیەکیان ٤ قەرەوێڵەیان تایبەت کردوە بە کۆرۆنا واتە ١٢ قەرەوێڵە دەبێت.

| دەزگا | ژمارەی تەخت | تەختی تایبەت بە کۆرۆنا |
|---|---|---|
| نەخۆشخانە حکومیەکان | ١٢٢ | ٢٤ |
| نەخۆشخانە تایبەتەکان | ٥٠ | ٤ |

**ت. تاقیگە**

**١/ت. پێکهێنانی یەکەی پشکنینی تاقیگەیی تایبەت**

لە بەرواوری ٢٠٢٠/٣/٩ بە فەرمی یەکەی تایبەت بە پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنای لە بەشی تاقیگەی نەخۆشخانەی گشتی کەلار کرایەوە بۆ پشکنینی ئەو هاوڵاتیانەی کە لە کەرەنتینەی گەرمیان دانرابون.

ئەیاد محەمەد، لێپرسراوی تاقیگەی نەخۆشخانەی گشتی کەلار، ئاماژەی بەوەکرد "ئەوەندەی لە توانای تەندروستی هەبێت هەوڵی دابینکردنی کەرەستەو پێداویستیەکانمان داوە بۆ یەکەکە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ڤایرۆسەکە بوتە پەتایەکی جیهانی هەندێک کەرەستە لە بازاڕدا نەماوەو دەستخستنی قورسبوە، بەڵام ئەوەی پێویستە لێرە دابینکراوە".

لەم یەکەیەدا پشکنینی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بە ئامێرەکانی (PCR) و (Electrophoresis) لەگەڵ چەند ئامێرێکی تری پەیوەندیداردا ئەنجامدەدرێت، پرۆسەی پشکنینی ئەو هاوڵاتیانەی پێ ئەنجام دەدرێت کە گومانی هەڵگرتنی ڤایرۆسی کۆرۆنایان لێدەکرێت.

ئەیاد محەمەد، باسی لەهاوبەشیکردنی زانکۆو پەیمانگاکان کرد لە پشکنینەکانیان و وتی: "دو خوێندکاری دکتۆرای پەیمانگای تەکنیکی کەلار هاوکارم بون لە شیکارکردنی سامپڵەکان کە ئەمەش دەریخست کە پێکەوە توانایەکی باشترمان دەبێت بۆ روبەڕوبونەوەی دۆخەکە".

**٢/ت. کارەکانی یەکەی پشکنین رادەگیرێت**

پاش ماوەیەک کارکردن، چیتر پشکنینی تاقیگەیی تایبەت بە کۆرۆنا لە تاقیگەی نەخۆشخانەی گشتی کەلار ئەنجام نەدرا.

بە پێی ئەو زانیاریانەی کە لەسەرچاوەیەک لە تەندروستی گەرمیانەوە دەست کەوتوە، سەرەتای بڵاوبونەوەی ڤایرۆسەکە لۆدێکی زۆر هەبوە بۆ شیکاری کەرەنتینەکراوان لە سلێمانی، هەربۆیە بۆ کەرەنتینەکراوانی ناوچەی گەرمیان ئەم یەکەیە بەکار ئەهێنرا، بەڵام پاش کەمبونەوەی لۆدەکە، دوبارە پشکنینەکان برانەوە سلێمانی.

ئەو کەرەنتینەکراوانە دوای ١٤ رۆژ لە مانەوە، نمونەیان لێوەرئەگیرا بە مەبەستی پشکنین بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا و دەگەڕانەوە ماڵەوەیان پێش وەرگرتنی ئەنجامەکان.

ئەو نمونانەش لەبەر لۆدی زۆر ئەنجامەکانی دوای ٢-٣ رۆژ ئەگەڕایەوە لە سەنتەری کۆرۆنا لە شاری سلێمانی کە بە (RT PCR) دەکرێت.

ئەو ئامێرەی لە یەکە تایبەتەکەی تاقیگەی نەخۆشخانەی گشتی کەلار کاری پێدەکرا، پێی دەوترێت (Conventional PCR) کە ئەم ئامێرە کۆنترە و ئەگەری هەڵەی دەرەنجامەکانی زیاترە، ئێستا پشت بە ئامێری (RT PCR) دەبەسترێت کە ئەم ئامێرەش هێشتا لە گەرمیان نەخراوەتەکار و چاوەڕێ دەکرێت لە نەخۆشخانە تایبەتەکەی کۆرۆنا "نەخۆشخانەی قەڵا" بەکاربخرێت.



**دیمەنێکی کارکردن لە یەکەی تایبەتی کۆرۆنا لە تاقیگەی نەخۆشخانەی گشتی کەلار**

### ٣/ت. ئامێری شیکارییەکان کۆنن

لەبارەی ئەو تێبینیانەی کە هەبون لەسەر ئەو یەکەیەی کە لەتاقیگەی نەخۆشخانەی گشتیی کەلار، چالاک محێدین، پسپۆڕی تەندروستی لە ترشی ناوەکی (DNA)، دەڵێت: "ئەو کەسانەی لەوی کاریان دەکرد زۆر شارەزابون لە بوارەکە، بەڵام ئەو ئامێرە کۆن بو بۆ ئێستا لەگەڵ پێشکەوتنی شیکاری ئامێری دیکە نایەتەوە".

### ٤/ت. زانکۆی گەرمیان ئامێری پشکنینی هەیە و نەخراوەتەکار

زانکۆی گەرمیان خاوەنی تاقیگەیەکی زانستی گەورەیە لەسەر ئاستی عێراق، لەنێویشی دا ئامێری تایبەت و پێشکەوتوی هەیە کە ئامێرێکیان بۆ پشکنینی کۆرۆنا گونجاوە، بەڵام تائێستا بەکار نەخراون.

د.فەرهاد قادر، سەرۆکی زانکۆی گەرمیان، ئاماژەی بەوەکرد لەلایەن خێرخوازێکەوە هەمو ئەو کەرەستەو ئامێرانەی کە نەبو بۆ خستنە کاری تاقیگە دابینکراوەو لەمانگی نیساندا بەتەواوی تاقیگەکە دەکەینەوە پێنج مامۆستای پسپۆری تایبەتمان دیاری کردوە بۆ کارکردن لە تاقیگەکەدا.

هاوکات سەرۆکی زانکۆی گەرمیان باسلەوەشکرد کە ئەم تاقیگەیە دەستکەوتێکی زۆر گەورەیە چونکە ئەبێتە ناوەندێکی باش بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشیە گوازراوەکان کە ئەمەش دەستکەوتە بۆ گەرمیان.

لایخۆشیەوە (چالاک محێدین) شارەزای تەندروستی، لەبارەی ئامێرەکەی زانکۆی گەرمیانەوە دەڵێت: "ئەو ئامێرەی لە زانکۆی گەرمیان هەیە زۆر پێشکەوتوە گرنگیشە کە تاقیگەکەی زانکۆی گەرمیان کرایەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ ستافی هەمان تاقیگەی نەخۆشخانەی گشتی کاری تێدا بکرێت".

لەبارەی هەماهەنگیەکانی زانکۆکەکە بۆ تەندروستی گەرمیان، سەرۆکی زانکۆی گەرمیان  وتی: هەر لەسەرەتای رێکارەکانی بۆ روبەڕوبونەوەی پەتایی کۆرۆنا ئێمە ئامادەیی تەواومان بۆ تەندروستی گەرمیان دەربریوە.

**ج. فریاگوزاری خێرا**

لەسەر ئاستی گەرمیان تیمێکی فریاگوزاری خێرا پێکهێنرا لە لایەن تەندروستی گەرمیانەوە بە وتەی سەرۆکی تیمەکە کارەکانیان دابەشکردوە بۆ شەش تیم کە هاوکات سەرپەرشتی هێڵی گەرمی تەندروستی گەرمیانیش دەکەن.

رەفیق قادر، سەرۆکی تیمی خێرای لە تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: "ماوەی مانگێک زیاتر دەبێت تیمەکانمان پێکهێناوە کارەکانمان دابەشکردوە بۆ شەش تیم هەر تیمێک دو کارمەندی تەندروستی و شۆفێرێکی ئەمبۆڵانس لەخۆدەگرێت رۆژانە ٢٤ کاتژمێر پێنج تیمیان لە ئەرکدا دەبن لە تەواوی گەرمیان".

ئەرکی تیمەکانی فریاگوزاری خێرا دیاریکراوە بەوەی لە کاتی بونی گومان یاخود هەستکردن بە نیشانەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەرکی گواستنەوەی کەسی گومانلێکراویان لەسەرە لەگەڵ گوستنەوەی کەسانی ناساغی کەرەنتینەی کەلار، هەروەک گواستنەوەی ئەو هاوڵاتیانەشیان کردوە کە بەنایاسایی لە وڵاتی ئێران گەڕابونەوە ناوچەکانی گەرمیان.

رەفیق قادر، ئاماژەی بەوەشکردوە کە هێڵی گەرمی تەندروستی گەرمیان بۆ روبەڕوبونەوەی کۆرنا لەلایەن ئەوانەوە سەرپەرشتی دەکرێت و بەشێکی زۆری هاوڵاتیانی سنورەکە بۆ وەرگرتنی رێنمایی بەردەوام پەیوەندیان پێوە دەکەن.

بەوەتەی سەرۆکی تیمەکە پێداویستی و کەرەستەکانیان بۆ دابینکراوە لەو روەوە هیچ گرفتێکیان نیە.




**دو کارمەندی تیمەکانی فریاگوزاری خێرا**

### ح. دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی تایبەتمەند بە کۆرۆنا

لەپاش دەرکەوتن حاڵەتەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە بەشێک لە شارەکانی کوردستان بڕیاری دروستکردنی نەخۆشخانەی تایبەت بەو ڤایرۆسە درا لە لایەن کەسانی خێرخوازەوە لە نێویشیاندا لە کەلار.

سامی ساڵح محەمەد، یەکێک لە ئەندامی تیمی خێرخوازی بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەی تایبەتمەند بە کۆرۆنا لە کەلار کە ناونراوە "نەخۆشخانەی قەڵا"، وتی: "تائیستا (بەرواری ٢٠٢٠/٣/٢٩) نزیکەی ٧٥٠ هەزار دۆلار (٧٥ دەفتەر) دابین کراوە، لەگەڵ ئەوەدا نەخۆشخانەیەکی تەقلیدی نیە، بەڵکو جیاوازە لە ئەوەی سلێمانی.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئامانجی ئێمە تەنها دروستکردنی بیناکە نیە، بەڵکو لە بەرنامەماندایە هەمو پێداویستیە پزیشکیەکانی بۆ دابین بکەین، لە تاقیگە و بێد و ئامێرەکانیش بەتایبەت هەناسەی دەستکرد.

شوێنی نەخۆشخانەکە قسەو باسی زۆری لەبارەوە کرا، هەبو قسەی لەسەر ئەوەدەکرد شوێنەکەی گونجاو نیە و واباشە لە دەرەوەی شار بێت.

یەکێک لە ئەندامانی تیمی دروستکردنی نەخۆشخانەکە باس لەوە دەکات لایەنە پەیوەندیدارەکان بڕیاریان لەسەر شوێن و شێوازەکەی داوە و پاش تەواوبونیشی رادەستی ئەوان دەکرێت.

عەبدوڵڵای مەلا نوری، ئەندامی تیمی خێرخوازی بۆ دروستکردنی نەخۆشخانەی قەڵا، دەڵێت: "لەسەر ئەو شوێنەی کە بۆی دیاری کرابو بەریەککەوتن دروستبو، بەڵام ئەمە پەیوەندی بە ئێمەوە نەبو، بەرپرسانی ناوچەکە خۆیان دیاریان کردبو و بە گونجاویان زانی".

باسی لەوەشکرد: ئەرکی ئێمە دروستکردنی ئەو بیانەیە و دابینکردنی پێداویستیەکانیەتی، ئەگەرچی بە دەستخستنی هەندێک ئامێر لە ئێستادا قورسە بە تایبەت ئامێری هەناسەدانی دەستکرد کە لە هەرێمی کوردستان و عیراقیش نیە.

وتیشی: دوای تەواوبونی ئەو بینایەش و تێپەڕینی ئەم دۆخە، پەیوەندی بە ئێمەوە نیە کە تەندروستی بۆچی شت و بەشێکی تر بەکاری دەهێنێت، بەڵام لە ئێستادا بۆ نەخۆشی کۆرۆنایە.

لەبەرامبەردا د.سیروان محەمەد، بەڕێوبەری تەندروستی گەرمیان لە بارەی شوێنی نەخۆشخانەکەوە وتی: "شوێنی نەخۆشخانەکە وەک گرفتێک پیشاندرا لە کاتێکدا بەهاوشانی نەخۆشخانەی گشتی کەلار و نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژارەوەیە، ئەم نەخۆشخانەیە پرۆژەیەکی تەواو نیە بەشەکانی نەخۆشخانەیەکی تەواوی هەموی تێدا نیە، تەنها بەشی تاقیگەو ژوری مانەوەی نەخۆش لە خۆ دەگرێت".

وتیشی: ئێمە پێویستمان بە سیتی سکانە پێوستیمان بەشوێنی ئەمبۆلانسە لەگەڵ شوێنی مانەوەی پزیشک و کارمەند و کۆگا، بەڵام من لەونێوەندە لەبەر ئەم هۆیە پێشنیازی ئەو شوێنەم کرد.

جەختیشیکردەوە دوای تێپەڕاندنی ئەم دۆخە سودی دیکە لە بیناکە دەبین و داوای زەویەکەی تەنیشتیشی دەکەن بۆ پرۆژەی تری تەندروستی.

وتیشی: "لەکاتی کردنەوەی نەخۆشخانەی قەڵا، ئێمە بە پێشکەوتوترین ئامێر لە تاقیگەیەکەیدا شیکار بۆ گومانلێکراوانی نەخۆشیەکە دەکەین.





**دو دیمەنی نەخۆشخانەی قەڵا تایبەت بە کۆرۆنا لە کەلار**

## ٥. ڕێکارەکانی خۆپارێزی

بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان کە دەزگای پەیوەندیدار بە لایەنی خۆپارێزیە، لەم پێشهاتانەی کە پەیوەندیدار بون بە کۆرۆناوە، چەند ئەرکێکیان جێبەجێکردوە کە لە خوارەوە ئاماژەیان بۆ دەکەین:

### ا. پشکنینی مەرزی پەروێزخان

کامەران حەمەساڵح، بەڕێوبەری خۆپاراستنی گەرمیان، ئاماژەی بەوەکرد: لەگەڵ دەرکەوتنی نەخۆشی کۆرۆنا لە وڵاتی ئێران بنکەی تەندروستی پەروێزخانمان کاتی دەوامکردنی تێدا کرا بە ٢٤ کاتژمێری .

ئەم دەوام زیادکردنە بەوتەی بەڕێوبەری خۆپارستنی گەرمیان بۆ پشکنینی بەردەوامی ئەو کەسانەبوە کە لە وڵاتی ئێران دەگەڕانەوە زیادکردنەکە بە شێوەیەک بوە لە ١٠ کارمەندەوە کرابون بە ١٨ کارمەندو دو پزیشک.

ئەو دەشڵێت: "لە مەرزەکان تەنها پشکنینی سەرەتایی تێدا دەکرێت، بەڵام بە بەردەوامی ڕێنمای تەندروستی بە شۆفێرانی مەرزەکان دەدەین کە چۆن خۆیان بپارێزن".

"بە بەردەوامی پشکنین  بۆ ئەو هاوڵاتیانە دەکرێت لە مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخان دێنەوە سنوری گەرمیان و بۆ بازرگانەکان و شۆفێرانی مەرزەکەشە کە دەچنە وڵاتی ئێران و دەگەڕێنەوە پشکنیان بۆ دەکرێت". عومەر محێدین، لێپرسراوی بنکەی تەندروستی لە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان لە مەرزی نێودەوڵەتی  (پەروێزخان)، وا دەڵێت.

لەبارەی بونی پێداویستیە پزیشکیەکانەوە، عومەر محێدین، باسی لەوە کرد: "ئەو پێداویستیانەی کە پێویستە ڕۆژانە هەبن بۆ خۆپارێزی تەندروستی گەرمیان بۆی دابین کردوین".



### ب. دەرمانڕشتن

محەمەد مەدحەت، لێپرسراوی بەشی نەخۆشیە گوازراوەکان لە بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: ڕشتنی دەرمان بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ڤایرۆس و نەخۆشیە گوازراوەکان ساڵانە ئەنجامی دەدەین لە وەرزەکاندا، بەڵام بۆ ڕوبەڕوبونەوەی کۆرۆنا جیاوازتر بوە و چەند جارێک ئەنجامامان داوە لە شوێنە گشتیەکان و قەزاو ناحیەکانی گەرمیانیش کە پێویست بوە.

وتیشی: ئەو دەرمانەی کە ڕشتومانە شارەزاییەکی ئەوتۆمان لەسەر نەبوە و خولێکیان بۆ نەکردوین و پێیان نەوتوین کە چۆنە و بۆ چ شتێک بەکاردێت و سودەکەی چیە، ئەوەی لە سەرمان بوە لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی بەرگری شارستانی ئەنجامامان داوە و دەرمانێکیان هێناوە وەک سلێمانی ئەوەی کە بیستومانە بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ کاریگەری دەمێنێتەوە.

باسی لەوەشکرد: لە ئیستادا وەک خۆمان داوایان لێکردوین تیمێک پێکبهێنین و پێکمانهێناوە بۆ ڕشتنی دەرمان و پێداویستیان بۆ دابین کردوین لەگەڵ دەرمان.



**دەرمانڕێژکردنی ناوبازاڕی کەلار لەلایەن تیمەکانی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان**

### ت. هەڵمەتی هۆشیاری

کامەران محەمەدساڵح، ئاماژەی بەوەکرد هاوکات هەڵمەتی هۆشیارییان هەبوە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی پۆستەر و فلێکسی هۆشیارکردنەوەوە.

وتی: "دەستمان بە بڵاوکردنەوەی ڕێنمای کرد لە کاتی پێویستدا لەگەڵیشدا پۆستەرمان لە دەروازەو شوێنە گشتی و مەڵبەندە تەندروستیەکان هەڵواسی".

## ٦. کڕینی پێداویستی پزیشکی

تەندروستی گەرمیان بە پشت بەستن بە دەسەڵاتە داراییەکانی وەزارەتی دارایی و تەندروستی، لیژنەی تایبەتمەندی پێکهێناوە بۆ کڕینی پێداویستیەکانی روبەڕوبونەوەی کۆرنا و هەروەها دەزگاکانیشی راسپاردوە بۆ کڕینی پێداویستیەکانیان.

د.حارس محەمەد، سەرۆکی لیژنەی بەشی دەرمان و پێداویستی پزیشکی بۆ بەرەنگاربونەوەی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لەوبارەوە دەڵێت: "بەکۆی گشتی بۆ کڕینی پێداویستی پزیشکی و دەرمان بۆ بەرەنگاربونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا زیاد لە ١٥٠ ملیۆن دینار سەرف کراوە، بەجۆرێک بەس بۆ کۆگای گشتی گەرمیان ١٠٢ ملیۆن بوە بۆ ئەو پێداویستیە خۆپارێزیانەی کە رۆژانە پێویست بوە سەرف کراوە، هەروەها نزیکەی ٥٠ بۆ ٧٠ ملیۆن دینار دەرمانمان کڕیوە".

دەشڵێت: چوار نەخۆشخانەمان هەیە کە بە جیاواز پارەی بۆ دابین کراوە بە جۆرێک نەخۆشخانەی گشتی کەلار بڕی ٤٥ ملیۆن دیناری بۆ سەرف کراوە و نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار ١٨ ملیۆن دیناری بۆ سەرف کراوە و نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منداڵبون بڕی ١٠ ملیۆن دیناری بۆ سەرف کراوە و نەخۆشخانەی گشتی کفریش بڕی ١٠ ملیۆن دیناری بۆ سەرف کراوە کە ئەو پێداویستیانەی کە خۆیان پێویستیانە خۆیان کڕیویانە سەربەخۆ و هیچ گرفتێکمان نیە تا ئێستا.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: چوار مەڵبەندی تەندروستیشمان هەبوە وەک: (شێروانە، شەهیدان، گوڵاڵە و شەهید د.قاسم) کە هەر یەکەیان بڕی یەک ملیۆن دیناریان بۆ دابین کراوە، لەگەل ئەوەش بنکەی تەندروستی پەروێزخانیش نزیکەی ملیۆنێک و ٢٥٠ هەزار دیناری بۆ سەرف کراوە.

وتیشی: پلانمان داناوە و بەشی ئەوە دەرمانمان لە کۆگا داناوە کە بەشی هەزار توشبو بکات لە یەک کاتدا، کەرەستە و پێداویستیەکانیش باشن و هیچ کێشەیەکمان نیە تاوەکو ئێستا.

## بەشی دووەم: دەرەنجام و راسپاردەكان

### یەكەم: دەرەنجام

١. ئامادەكارییەكان لە سەرەتای سەرهەڵدانی پەتاكەوە لە هەرێم تا كۆتایی مانگی ئادار، تارادەیەک باش بون و كێشە و قەیرانی گەورەی دروست نەكردوە. ئەو هەنگاوانەی گیراونەتەبەر بەتایبەتی لە روی دروستكردنی تیم و دابەشكردنی كاروبارەكان، بە ئاراستەیەكی باشدا رۆشتون.

٢. دەزگای تەندروستی ئەزمونی بەرەنگاربونەوەی پەتای گەورە و حاڵەتی تەندروستی وەكو ئەوەی ئێستای نیە، هاوكات هیچ ئامادەكارییەكی پێشتری بۆ نەكراوە و حساب بۆ ئەم جۆرە دۆخانە نەكراوە و كادیرەكانی رانەهێنراون پێی، هەربۆیە جۆرێک لە ترس و پەلەپەلیی لەهەندێک هەنگاودا بونی هەبوە.

٣. كەرەنتینەی كەلار، زۆر بنەمای زانستی تێدا پێشێل كراوە، جگە لەوەی لەروی پێداویستی بنەڕەتیی و پاكوخاوێنیەوە كێشەی گەورەی هەبوە، بەشێكی هۆكارەكانیش دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی ئەزمون و بەرچاورونی.

٤. ناردنی نمونەی پشكنینەكان بۆ تاقیگەی سلێمانی بە بەردەوامی، خاڵێكی سلبییە لەسەر توانای بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان. جێگەی سەرسوڕمانە كە بەڕێوبەرایەتیەكی گشتی نەتوانێت یەكەیەكی پشكنینی تاقگەیی ئەوتۆ دروست بكات بۆ كۆرنا كە بتوانرێت بۆ پشكنینەكان پشتی پێببەسترێت.

٥. تەندروستی گەرمیان سەركەوتو نەبوە لە دروستكردنی پەیوەندیی لەگەڵ دەزگاكانی تر لە دروستكردنی بەش و یەكەی تایبەت بۆ ئەم پەتایە، چ لەگەڵ زانكۆی گەرمیان و دەزگاكانی تر، چ لەگەڵ نەخۆشخانە ئەهلیەكان.

٦. هیچ راهێنانێكی چڕ و پێویست بە كادیرەكانی تەندروستی نەكراوە لە چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ دۆخێكی وەهادا.

٧. ئەگەرچی بودجەی گونجاو تەرخانكراوە بۆ كڕینی پێداویستی، بەڵام هەم بەڕێوبەرایەتی ناوبراو و هەم وەزارەتی تەندروستیش، سەركەوتو نەبون لەوەی لە كۆگاكانی دا بڕی گونجاو و پێویستی كەرەستەكان هەڵبگرێت، بەتایبەتی كڕینی پێداویستیەكان لەو كاتانەی نرخەكەی هەرزانتر بوە.

٨. بەدەمەوەهاتنی خەڵكانی خێرخواز بۆ دروستكردنی نەخۆشخانەیەكی تایبەت، هەنگاوێكی زۆر ئیجابی و كەم وێنەیە، بەم كارەیان بەشێكی زۆر لە قورساییەكانی ئەم پەتایە لەسەر كەرتی گشتی كەم دەكەن.

٩. کەسانی پسپۆڕ بەتایبەتی لە بواری خۆپارێزیی و روبەڕوبونەوەی پەتاکان دا گرنگیی ئەوتۆیان پێنەدراوە و بەشدار پێنەکراون.

## دوەم: راسپاردەکان

١. مەرکەزیەت یەکێکە لە کێشە گەورەکانی ئیدارە لە کوردستان و لەنێویشی دا ئیدارەی کەرتی تەندروستی، چونکە ئەم مەرکەزیەتە رۆتین زیاد دەکات و رۆتینیش وادەکات هەنگاوەکان خاو بن، بەتایبەتی لەڕوی کڕینی پێداویستی و دانانی بەرنامەی تایبەت و جێبەجێکردنیانەوە. بۆیە لەم پەتایەدا جارێکی تر گرنگیی چەسپاندنی لامەرکەزیەت بەدیار کەوتەوە. گرنگە هەمو لایەک کار بۆ چەسپاندنی زیاتری لامەرکەزیەت و پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە دەزگا خۆجێیەکان بکەن.

٢. ئەم پەتایە دەریخست ژێرخانی تەندروستی ناوچەکە بەرگەی بەرکەوتەی توند ناگرێت، ئەمەش پێویست دەکات لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان بە سیاسەت و ستراتیژی خۆیاندا بچنەوە و بەرنامەیەکی گونجاو تر دابنێن و سێکتەرەکە گرنگ و بنەڕەتیەکان بەهێز بکەن.

٣. دابەشکردنی ئەرک و رۆڵەکان لەنێوان ستافی دەزگا تەندروستیەکان خاڵێکی ئیجابییە، دروستکردنی تیمی جیاواز بۆ سێکتەرەکان وادەکات کارەکان باشتر و ئاسانتر جێبەجێ ببن و هەمو فشارەکان لەسەر کەسی یەکەم کۆنەبێتەوە، ئەم بنەمایە گرنگە بۆ داهاتوش کاری پێبکرێت.

٤. گرنگە ئەو ئەزمونەی لەم پەتایەوە بەدەستخراوە تۆمار بکرێت، بەتایبەتی لە بواری کەرەنتینەدا، بۆ ئەوەی بۆ داهاتو هەنگاوە هەڵەکان دوبارە نەکرێنەوە و هەنگاوە باشەکانیش پەرەیان پێبدرێت.

٥. پێویستە گرنگیی بە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی باڵا بدرێت لەکاتی حاڵەت و رەوشی وەک ئەوەی ئێستادا و پشت بە ئەزمون و شارەزاییان ببەسترێت.

٦. بەدەمەوەهاتنی خەڵکانی خێرخواز زۆر گرنگە، پێویستە درێژەی پێبدرێت بۆ داهاتو و هەوڵی توندوتۆڵکردنەوەی زیاتری بدرێت بۆ ئەوەی هاوکاریەکانیان بۆ ئەم کەرتە بەردەوام بێت.

٧. گرنگە تەندروستی گەرمیان پێداچونەوە بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ نەخۆشخانە ئەهلیەکاندا بکاتەوە و وابکەن پێکەوە ستراتیژێک دابڕێژن کە ببنە تەواوکاری یەکتری و کەرتی تایبەت ئەو بۆشاییانە پڕ بکاتەوە کە کەرتی گشتی بەهەر هۆکارێک بێت بەجێی هێشتوە، نەک تەنها چەند بوارێک بگرێتەوە کە لە کەرتی گشتیشدا بەردەستە.

٨. پێویستە تەندروستی گەرمیان پەیوەندیەکانی لەگەڵ زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکان پەرەپێبدات، بۆ ئەوەی لەکاتی پەتا و رەوشی لەمشێوەیەدا، هاوکاریی بەپەلە و خێرایان بۆ یەکتری هەبێت و کاری یەکتری تەواو بکەن.

٩. پێشنیاز دەکەین تەندروستی گەرمیان پاش تێپەڕینی ئەم پەتایە، کۆنفرانسێکی بەفراوان ئەنجام بدات کە چەند وۆرکشۆپێک لەخۆ بگرێت و بە بەشداری کادیرانی خۆی و دەزگاکانی دیکە، هەڵسەنگاندنێکی گشتی بۆ ئەو هەنگاوانە بکەن کە لەم رەوشەدا ناویانە، دیوە باش و خراپەکانی دەستنیشان بکەن و بۆ داهاتو سودی لێببینن.

## بەشی سێیەم: ناساندن

### ١. ناساندنی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

*** ئامانجی یەکە**

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

*** کارەکانی یەکە**

١. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

٢. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

٣. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

٤. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

٥. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

*** بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە**

١.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

٢.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

٣.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## ٢. ناساندنی رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی ٢٠١٠ەوە دامەزراوەو لە بەرواری ٦ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاولاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (٢٦٥) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (٣٦٨) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە ٢٤ کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی ٩٩.٩ FM پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەلایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

## ٣. ناساندنی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (١٢٠٠) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (٩٠) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٨٣) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاڕاستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## ٤. ناساندنی ناوچەی گەرمیان

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی ٢٠٠٦/٨/٦ "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

١. ئەحمەد حەمید وەلی

٢. زریان محەمەد

٣. رێناس ساڵح

*** بۆ پەیوەندی:**

٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦ - ٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

yakaychawderigarmyan@gmail.com Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org